# جۆرەکانی شەفاعەت لە ڕۆژی دواییدا

[ كردي – کوردی – kurdish ]

موفتی : دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی :پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣١ - ٢٠١٠

islamhouse.com

# ﴿ أنواع الشفاعة يوم القيامة ﴾

« باللغة الكوردية »

إفتاء : فريق القسم الكردي بموقع دار الإسلام

مراجعة : بشتيوان صابر عزيز

١٤٣١ - ٢٠١٠

islamhouse.com

# جۆرەكانی شەفاعەت لە ڕۆژی دواییدا

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس كراوە كە دەڵێت :

**پرسیار :** شەفاعەت لە ڕۆژی دواییدا چەند جۆرە؟ وە ئایا لە دونیادا دروستە داوای یارمەتی وشەفاعەت لەكەسێكی زیندوو بكرێت ؟

**وەڵام :** سەرەتا دەبێت بزانین شەفاعەت بەواتای تكاكردنی كەسێك دێت بۆ كەسێكی تر لای بەرپرسێك یان دەسەڵاتدارێك یان خاوەن پلەو پایەیەك .

**شەفاعەت لە ڕۆژی دواییدا چەند جۆرێكە :**

**یەكەم :** كەگەورەترینیانە (الشفاعة العظمى ) یە، واتە شەفاعەتە گەورەكە، ئەویش لە وەستانی ڕۆژی حەشردایە دوای ئەوەی خەڵك پەنجا ساڵ چاوەڕوانی دەبن كە لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بكرێت ودادگایی بكرێن، پێغەمبەر موحەممەد ( صلى الله عليه وسلم ) شەفاعەت لای خودا دەكات و داوا دەكات دادگایی دەست پێ بكات، ئەوەش تایبەتە بە پێشەوای مرۆڤایەتی محمد المصطفى ( صلى الله عليه وسلم ) ئەوەش (مَقام المحمود) ە كە پەیمانی پێ دراوە بیدرێتێ .

**دووەم :** شەفاعەت كردن بۆ كردنەوەی دەرگای بەهەشت، یەكەم كەسیش دەرگای بەهەشتی بۆ دەكرێتەوە پێغەمبەرمان موحەممەد ( صلى الله عليه وسلم ) ویەكەم ئوممەتیش كە دەچنە بەهەشتەوە ئوممەتی ئیسلامە.

**سێهەم:** شەفاعەت بۆ كەسانێك كە فەرمانی ناردنیان بۆ دۆزەخ دەركراوە وبەهۆی شەفاعەتەوە ناچنە دۆزەخەوە.

**چوارەم:** شەفاعەت بۆ کەسانێکی موسڵمانی گوناهبار کە لە دۆزەخدان دەربکرێن و بێنە دەرەوە لێی .

**پێنجەم:** شەفاعەت بۆ بەرزکردنەوەی پلەی بەهەشتییەکانە، ئەم سیانەی دوایی تایبەت نییە بە پێغەمبەر موحەممەد ( صلى الله عليه وسلم) بەڵکو بۆ پێغەمبەرانی تر و شەهیدو پیاوچاکانیشە، بەڵام پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) هەر لەوان لەپێشترە.

**شەشەم:** شەفاعەت بۆ کەسانێك بەبێ لێپرسینەوە بچنە بەهەشتەوە.

**حەوتەم:** شەفاعەت بۆ کەمکردنەوەی سزای سەر کافران کە تایبەتە بە پێغەمبەر موحەممەد ( صلى الله عليه وسلم ) وەك شەفاعەت بۆ مامی خۆی ئەبو طالیب .

دوای ئەمانە خوای گەورە بە ڕەحمی خۆی کەسانێکی زۆر کە لە ژمارە نایەن و لەسەر یەکخواپەرستی مردوون و گوناهبارن ولە دۆزەخدان دەریان دەهێنێت و دەیانخاتە بەهەشتەوە.

وە سەبارەت بەبەشی دووەمی پرسیارەکەش کە ئایا ڕەوایە داوای یارمەتی و شەفاعەت لە کەسی زیندوو بکرێت ؟ بەڵێ شەرعیش هانی خەڵکیی دەدات یارمەتی یەکتری بدەن، خوای گەورە دەفەرموێت: ( وَتَعَاوَنُوا عَلَى البِرِّ وَالتَّقوى ) واتە: هاریکاری یەکتر بن لە چاکەو پارێزکارییدا، پێغەمبەریش ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت: « وَاللَّهُ فِى عَوْنِ الْعَبْدِ مَا كَانَ الْعَبْدُ فِى عَوْنِ أخِيهِ » { رواه مسلم } واتە: خوای گەورە لەیارمەتی دانی بەندەکەیدا دەبێت ، کاتێك بەندەیەك یارمەتی براکەی دەدات، شەفاعەتیش بە واتای تکاکردن کەوتنە بەینەوەیە دێت، واتە هەوڵی بەجێهێنانی کارێك بۆ یەکێکی تر کە لە توانایدا نییە، خوای گەورە دەفەرموێت : (مَنْ يَشْفَعْ شَفَاعَةً حَسَنَةً يَكُنْ لَهُ نَصِيبٌ مِنْهَا) واتە: هەرکەس شەفاعەتێکی باش بکات بەشێکی پاداشتی بەردەکەوێت، پێغەمبەر ( صلى الله

عليه وسلم ) دەفەرموێت: « اشْفَعُوا تُؤجَرُوا » { رواه البخاري}  واتە: شەفاعەت بکەن پاداشت وەردەگرن.

شەفاعەت کردنیش چەند مەرجێکی هەیە :

١ـ داواکردنی شەفاعەت دەبێت لە کەسێکی زیندوو بێت، چونکە مردوو داوای زیندووی گوێ لێ نییە، خوای گەورە دەفەرموێت: ( إِنْ تَدعُوهُمْ لَا يسمَعُوا دَعَائَكُمْ وَلَو سَمِعُوا مَا استَجابُوا لَكُمْ )  واتە: خۆ ئەگەر هاناو هاواریان بۆ بەرن ( واتە:بۆ مردووەکان ) گوێیان لێتان نییە و نابیستن، ئەگەر بشبیستن بە دەمتانەوە نایەن، ئەی چۆن داوا لە مردوو دەکرێت لە کاتێکدا ئەو خۆی پێویستی بەدوعای زیندووانە، چونکە ئەو پەیوەندی لەگەڵ دونیادا بچڕاوە وکردەوەی تەواو بووە، وتەنها تووشی خێر دەبێت لە ڕێگای دوعاو چاکەی ترەوە، پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت: « إذا مَاتَ ابْنُ آدَمَ انْقَطعَ عَمَلُهُ إلا مِنْ ثلاث صدَقَه جَارِيةٍ أَوْ عِلْمٌ يُنْتَفَعُ بِهِ أَوْ ولد صالِح يدْعُو لَهُ » { رواه مسلم }  واتە: کاتێك کە مرۆڤ مرد کردەوەی دەبچڕێت جگە سێ شت نەبێت : خێرێکی بەردەوام ( وەك دروستکردنی مزگەوتێك یان قوتابخانەیەك یان پردێك ... )، یان زانستێك سوودی پێ بگەیەنێت، یان کوڕێکی ساڵح دوعای خێری بۆ بکات.

خواي گەورەش زاناترە .

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته